# هونەرمەندان چۆن کەرەنتینەیان بەسەر برد

**بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە، بەجۆرێك کە سەرتاسەری جیهان بۆ ماوەیەکی زۆر کەرەنتینەیان ڕاگەیاند و خەڵك ناچار کرا لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە، بەمەش زۆربەی چالاکییەکان وەستان، بەتایبەتی چالاکییە هونەرییەکان، هونەرمەندانی کورد هەریەکەوە بەجۆرێك ئەو کاتەیان بەسەر برد، کە لەم بەسەرکردنەوەیەی گوڵاندا باسی دەکەن.**

## هونەرمەند عەلی کەریم: هاوسەرەکەم پێی خۆش بوو لە ماڵەوە بم، بەڵام من هەرگیز خۆشحاڵ نەبووم



هونەرمەندی ناسراوی کوردستان عەلی کەریم یەکێکە لە ئەستێرەکانی بواری نواندن لە کوردستان و، یەکێکە لەو کەسانەی کە زۆر مانەوە لە ماڵ بۆی ئاسان نییە، بەڵام ناچار بوو هەرچۆنێك بێت ڕۆژانی کەرەنتینە و قەدەغەی هاتوچۆ لە ماڵەوە بەسەر ببات و، بەم شێوەیە باس لە بەسەربردنی کاتی کەرەنتینە دەکات: «کارێکی ئاسان نییە، لە ماڵەوە بمێنمەوە و ڕێی فڕینم لێ بگیرێت، ئاخر من لەو کەسانە نیم حەزم لە بەندکردن بێت، چونکە لە ژیانمدا بۆ یەك خولەکیش زیندانی نەکراوم، تەنیا جارێك بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبیلەوە، زیاتر لە دوو مانگ بە هەمان دەردی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە ناچاری لە ماڵەوە مامەوە، ئەم ماوەی پەتای ڤاپرۆسەش، سەرەتا بەهەموو ئەو نوکتە خۆشانەوە کە لە ڕێگای پەیج و فرێندەکانمەوە بۆم دەهات، زۆر پێکەنیم، ئاخر من بە کەسێکی مۆن و عەبووس ناسراوم، شەوانی درەنگیش هەرچۆنێك بێت سەیری فیلمێکی عەرەبیم دەکرد، هەموو بەیانییەکیش زوو تیڤیم هەڵدەکرد بۆ زانینی هەواڵی تازەی تووشبوون و چاکبوونەوە، ئەنجا خۆشم بە ئەرشیفی خۆمەوە خەریككرد و دەستم کرد بە لێك جیاکردنەوەی بابەتەکانی ناو ئەرشیفەکەم، چاوپێکەوتنەکانم لە نووسینەکانم جیا کردەوە، کاتێکم زانی نووسینەکانم بە زمانی عەرەبی لە دوای جیاکردنەوەیان نزیکە لە کتێبێکەوە، ئەوە بوو بڕیارمدا، بڕە پارەیەك زامن بکەم بۆ لە چاپدانیان لەژێر ناوی (اضواء علی المسرح الکوردی المعاصر) کە کاتی خۆی لە پێش ڕاپەرین لە ڕۆژنامە عەرەبییەکاندا گۆشەیەکم بەو ناوەوە هەبوو».

عەلی کەریم لە درێژەی باسەکەیدا هەروەها دەڵێت: «لەڕووی خۆپارێزیشەوە، ڕۆژ هەبوو (٢٥) جار دەستم بۆ ماوەی (٢٠) چرکە بە ئاو و سابون دەشۆرد، ئێواران هەرچۆنێك بوو خۆمم دەگەیاندە ناوەندی گاڤ، هاوسەرەکەشم زۆر خۆشحاڵ بوو کە لە من ماڵەوەبم، منیش هەرگیزم بە مانەوە لە ماڵەوە خۆشحاڵ نەبووم، هەستم دەکرد وەك باڵندەیەکی پەڕوباڵکراوم و ئازادیم لێ زەوت کراوە، ئاخر من بۆ دەقەیەکیش بەند نەکراوم و بەوە ناسراوم کە کەسێکی بزێوم، دەتوانم بڵێم ئێستا خۆشحاڵم بەوەی کە لە ماڵەوە دەرنەچوونەم، چونکە یەکەم ئەرشیفەکەم ڕێکخستەوە، دووەم پڕۆژەی لە چاپدانی کتێبێکیش بوو بۆ خۆم، لە سایەی سەری وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستییەوە لە لایەك و، خۆڕاگریی هاووڵاتیان لە لایەکی دیکەوە، پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا جارێ تا رادەیەك لە کوردستان شکستی هێناوە».



## نەتاليا: دووبارە پەيوەندييەكانمان بونياد نايەوە

خانمە هونەرمەندی كوردی نيشتەجێی وڵاتی ئەڵمانيا (ناتاليا) ئەويش وەك هەموو كەسێك كاتی خۆی لە ماڵەوە بەسەر دەبات، بەم شێوەيەش باس لە بەسەربردنی كەرەنتينە و قەدەغەی هاتوچۆ دەكات: «گرنگترين كار كە پێويستە لەسەر هاووڵاتيان ئەوەيە لە ئێستادا لە ماڵەكانيان بمێننەوە و بە رێنماييە تەندروستييەكانەوە پابەند بن، چونكە ئەم پەتايە هيچ چارەسەرێكی نييە و تاكە چارەسەر تەنيا بريتييە لە خۆپاراستن و پابەندبوون، دڵنيا بن ئەم دۆخەش تێدەپەڕينين و سەركەوتوو دەبين، سەرەڕای ئەوەی كە مانەوە لە ماڵەوە رەنگە ئاسان نەبێت، بەڵام لە هەمان كاتدا دەرفەتێكی باشە بۆ ئەنجامدانی ئەو كارانەی كە پێشتر ئەو كاتەمان نەبووە تەواويان بكەين، هەروەها دەرفەتێكی باشە بۆ پێداچوونەوەی پەيوەندييەكانمان و لێك نزيك بوونەوەی ئەندامانی خێزان و بوونی لێك تێگەيشتنی زياتر».

ناتاليا هەروەها دەڵێت: «منيش وەك هەموو هاووڵاتييەكی ديكە لە ماڵەوە كاتەكانم بەسەر دەبەم، جگە لە كاری هونەری كاری پارێزەرييش دەكەم، بۆيە لە ماڵەوەش كاتەكانم بە كاركردن بەسەر دەبەم، كە بريتييە لە راپەڕاندنی كاری پارێزەری، هەروەها كاری هونەرييشم پشتگوێ نەخستووە و بەردەوامم لەسەری، رۆژانە چەند پارچە موزيكێك دەژەنم و گۆرانی دەڵێم، لە ماوەی رابردوودا كارەكانی دوايين ئەلبوومی خۆمم تەواو كرد و پەنا بە خوا لە نزيكترين دەرفەتدا بڵاويان دەكەمەوە».



## سەعدون يونس: باشترين دەرفەت بوو بۆ پێداچوونەوەی خۆمان

هونەرمەند و دەرهێنەری ناسراوی كورد (سەعدون يونس) كە ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانيا نيشتەجێيە، بەم شێوەيە باس لە بەسەربردنی كەرەنتينە و قەدەغەی هاتوچۆ دەكات: «زۆربەی كاتەكانی خۆمم لە ماڵەوە بەسەر برد، هەرچەندە رێكارەكانی قەدەغەی هاتوچۆ لە ئەڵمانيا وەكو كوردستان توند نييە و من دەتوانم بۆ كاری پێويست بچمە دەرەوە، ئەو كاتانەشی لە ماڵەوە بووم، بۆ من دەرفەتێكی زۆر باش بوو، بەتايبەتی بۆ ئەو شتانەی كە دەمويست بيانخوێنمەوە، ئێستا دەستم بە خوێندنەوەی و نووسينەوەی هەندێك بابەت كردووە، جگە لەوەی بەردەوام لە پەيوەنديدام لەگەڵ كوردستان، بە رای من ئەم قەدەغەيە دەرفەتێكی باشە بۆ مرۆڤ تا پێداچوونەوەيەكی خۆی بكات، چونكە دڵسۆزترين و راستگۆترين كەس بۆ خۆت تەنيا خۆتی، دەرفەتێكی باشيشە بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت چی ئەنجامداوە و چی لەسەری پێويستە تا ئەنجامی بدات لە گشت بوارەكاندا، هەر لە خۆشەويستی، ژيانی تايبەتی، پەيوەنديی كۆمەڵايەتی، دەسەڵات و حزبە سياسييەكان، راستە ئێستا لە يەكتر دوورين، بەڵام دڵنيام بە باوەشێكی گەرم و خۆشييەوە يەكتر دەبينينەوە «.

سەعدون يونس هەروەها دەڵێت: «من بەشێكی زۆری كاتی خۆمم بۆ خوێندنەوە تەرخان كردووە، رۆژانە دوو جار وەرزش ئەنجام دەدەم، پياسەيەكی كورت، لەگەڵ پێداوچوونەوەی وردی خۆم، تا بزانم چيم ئەنجام داوە و چ ئەركێكم لەسەرە، بۆيە هيچ كاتێك دڵتەنگ نەبووم و دلخۆشم و زۆريش بە گەشبينييەوە لە داوارۆژ دەڕوانم و دڵنيام كە ئەو دۆخەش تێدەپەڕێنين، لە هەموويشی گرنگتر پێويستە مرۆڤ لە خودا نزيك ببێتەوە، كە ئەمە دەرفەتێكی گەورەيە بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە و قەرەبووكردنەوەی ئەو هەڵانەی كە لە دەستمان چووە».



# لەتیفە قەناعەتی بە ئاهەنگی ئۆنلاین نییە

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی تونسی لەتیفە لە دیمانەیەکدا را و سەرنجی خۆی دەربارەی کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر چالاکییە هونەرییەکان لە گشت جیهاندا دەربڕی، هەروەها باسی لەو ئاهەنگانە کرد کە هونەرمەندان بەشێوەی ئۆنلاین ئەنجامی دەدەن.

لەم بارەوە راشکاوانە لەتیفە گوتی: «هیچ کەس پێشبینی رووداوەکانی ئەم ساڵی نەدەکرد، من لە سەرەتای ساڵەوە زۆر گەشبین بووم، بۆیەش ئەلبوومی خۆمم بڵاو کردەوە، بەڵام رووداوەکان پێچەوانەی پێشبینییەکانی هەموو لایەك بوون، بەجۆرێك بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جیهانی بە تەواوی گۆڕی و کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر رەوتی ژیان هەبووە، بەتایبەتی دوای رێوشوێنەکانی کەرەنتینە، تاکە دەستکەوتی من لەم ساڵ و لە کاتی کەرەنتیندا ئەوە بووە کە کاتێکی زۆرم لەگەڵ دایك و خوشکم بەسەر برد لەماڵەوە، کە ئەمەش خەونی من بووە، چونکە پێشتر بەهۆی سەرقاڵییەوە ئەو دەرەفەتەم بۆ نەدەڕخسا، هەروەها بۆ یەکەم جاریش لە ژیانمدا چێشتم ئامادە کرد، کە بۆ من تاقیکردنەوەیەکی نوێ بوو.»

سەبارەت بە کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر رەوتی هونەری لە جیهاندا بە گشتی و ئەنجامدانی ئاهەنگی ئۆنلاین بەتایبەت، لەتیفە دەڵێ: «بێگومان ئەم کاریگەرییە بۆ هونەرمەندان بەگشتی و بەتایبەتیش گۆرانیبێژان، زۆر سەختتر بوو، چونکە کاری ئێمە زیاتری پەیوەندیی راستەوخۆیە لەگەڵ جەماوەر، ئەمەش لە ئێستادا زۆر ئەستەمە، ئێستا من زۆر بیری جەماوەری خۆم دەکەم، چونکە ئەم ساڵ هیچ فیستیڤاڵ و ئاهەنگێك ئەنجام نادرێت، من سەرەتا بڕیارمدا ئاهەنگی ئۆنلاین ئەنجام بدەم، بەڵام دواتر پاشگەز بوومەوە، چونکە نامەوێ رۆحییەتی جەماوەرەکەم لە دەست بدەم، ئاهەنگی ئۆنلاین بۆ هونەرمەند و جەماوەر تام و چێژی نییە.

سەرچاوە/ النهار





# ڕێبوار محەمەد: دەمانەوێ بینەر لەو دراما بیانییانە دووربخەینەوە کە شیرازەی کۆمەڵگەیان تێک داوە

فیلمی خێزان کە ماوەکەی یەك کاتژمێرە، لە سیناریۆ و دەرهێنانی ( ڕێبوار محەمەد ) و کامێرای ( شەرام تەها ) و مونتاژی ( باوەڕ ڕەفیق )ـە. (ڕێبوارمحەمەد)ی دەرهێنەر دەربارەی ناوەڕۆکی فیلمەکە ڕایگەیاند: «ئەم فیلمە کۆمەڵایەتی و کۆمیدی و تراژیدییە و کۆمەڵێك پەیامی جوانی لە پشتە، باس لە خیزانێك دەکات کە یەکێك لە کوڕەکانی سەرکێشەو خەریکی قەرزکردن و کاری خراپەیە، دایك و باوکی باجەکەی دەدەن و بەو داخەوە هەردووکیان سەردەنێنەوە، کە ئەمە لە ناو کۆمەڵگەکەماندا وەك دیاردەی لێ هاتووە، لە لایەکی دیکەشەوە باس لە مافی ئافرەت و ژینگە و کۆمەڵێك بابەتی جوانی دیکە دەکات و ئەکتەرەکانی ئەم فیلمە پێکهاتوون لە( ٣٥) ئەکتەر، کە دیارترینیان ئەکتەری بەتوانا (حەمەعەلی موکری و گێسیا عەلی و باهیری خەیات)ن.

ڕێبوار محەمەد گوتیشی: «من وەك فیلمساز کار دەکەم، لە ساڵی پارەوە تا ئێستا (١١) کورتە فیلمم بە خۆبەخش نمایش کردووە و هیچ لایەنێك هاوکاریی نەکردووین، ئێمە کاردەکەین، ئامانجمان تەنیا خزمەتکردنی خەڵکی کوردستانە و دەمانەوێت هونەری کوردی بە زیندوویی بهێڵینەوە و بینەر لەو دراما تورکی و بیانییانە دوور بخەینەوە کە شیرازەی کۆمەڵگەیان تێك داوە».

لە کۆتایی قسەکانیدا ڕێبوار محەمەد دەرهێنەری فیلمی خێزان گوتیشی: «ئەم فیلمە لە زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی وێنەگیراوە و کاری مونتاژی تەواو بووە، بەم زووانەش لە شەش کەناڵی ناوخۆیی و ئاسمانی پەخش دەکرێت».



# دەستکێشەکەی مایکل جاکسۆن بە ٨٥ هەزار جونەیهی ئیسترلینی فرۆشرا



لە مەزادخانەیەکی ویلایەتی تێکساسی ئەمریکی، دەستکێشە سپییەکەی ئەستێرەی پۆپی کۆچ کردوو (مایکل جاکسۆن) بۆ فرۆشتن نمایش کرا و لە کۆتاییدا بە بڕی (٨٥) هەزار جونەیهی ئیسترلینی فرۆشرا.

هەوادارانی جاکسۆن ڕکابەرییەکی زۆریان کرد لەسەر بەدەستهێنا دەستکێشەکە کە بە کریستال نەخشێنراوە و لە زۆربەی ئاهەنگ و دەرکەوتنەکان، بەتایبەتی لە کاتی پێشکەش کردنی گۆرانییە کلاسیکییەکان دەردەکەوت، تا وای لێهات، بوو بە یەکێك لە مارکە تایبەتەکان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە. دوای فرۆشتنی دەستکێشەکان ڕێکخراوەی یونسیف ڕایگەیاند کە داهاتی مەزادەکە پێشکەش بە ڕێکخراوەکەی ئەوان کراوە، بۆ یارمەتیدانی مناڵانی لە سەرتاسەری جیهاندا.

خانمە هونەرمەندی تونسی بوشرا سەعید تایبەت بۆ گوڵان:

# سۆشیال میدیا کاریگەری دوو لایەنەی لەسەر هونەرمەند هەیە





بوشرا سەعید خانمە هونەرمەندێکی وڵاتی تونسە و، ماوەیەکی زۆرە لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا کاردەکات، لەرووی ئەکادیمییشەوە دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکانە، تا ئێستا جگە لە شێوەزاری تونسی بە چەندین شێوەزارێکی دیکەی عەرەبییش گۆرانیی تایبەت و فۆلکلۆریی هەبووە، ئەمەش وایکردووە ببێتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی، لە دیمانەیەکدا بەم شێوەیە وڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

*** سەرەتای دەستپێکردنت بە کاری هونەری چۆن بووە؟**

- دەستپێکی کاری هونەری لە خانە رۆشنبیرییەکان و پێشبڕکێ رۆشنبیری و کولتوورییەکان بوو لەسەر ئاستی تونسی و وڵاتانی دەوروبەر، زۆر کەس هەبوون کە یارمەتییان دام و بڕوای تەواویان بە تواناکانم هەبوو، سەرەتا مامۆستایەکی سەرەتاییم منی برد بۆ بەرنامەی منداڵان، بە هەمان شێوە کەسوکاریشم زۆر هاوکارییان کردم، دواتریش مامۆستاکانی پەیمانگە وکۆلێژیش هاوکارم بوون.

*** لە هونەرمەندان کێ زیاتر کاریگەریی بەسەر کارەکانتەوە هەبووە؟**

- باشترین نموونە وەك هونەرمەند کە کاریگەریی بەسەر کارەکانمەوە هەبێت، خانمە هونەرمەندی کۆچ کردووی تونسی زیکرا بووە، بە هەمان شێوە من زۆر سەرسام بووم بە ئەسمەهان.

*** وەك هونەرمەندێك پێتوایە تەکنۆلۆژیای گەیاندن و سۆشیال میدیا بە گشتی سوودی بۆ هونەر هەبووە، یان زیانی پێ گەیاندووە؟**

- من پێموایە ئەمە چەکێکی دوو لایەنەیە، لەلایەك دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی هونەرمەند لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ جەماوەر و لێیان دانەبڕێت و بە بەرهەمە کۆن و نوێیەکانی بەسەریان بکاتەوە، لەلایەکی دیکەش کەسانێك هەن کە هیچ بەرهەمێکیان نییە و دوور و نزیك پەیوەندییان بە هونەری رەسەنەوە نییە، تەنیا بۆ ئەوەی چەند لایکێکیان زیاد بێت و ژمارەیەکی زیاتری خەڵك بیان بینێت کاری وا دەکەن کە زیان بە هونەر بگەیەنێت.

*** چەند لە کاتی خۆت تەرخان کردووە بۆ سۆشیال میدیا؟**

- من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە گرنگییەکی زۆر بە سۆشیال میدیا دەدەم و بەردەوام بەسەری دەکەمەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ جەماوەر لە پەیوەندیدا بم، بەتایبەتی لە دوای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا، سۆشیال میدیا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە بەردەوام بوونی پەیوەندی نێوان هونەرمەند و جەماوەر، بەڵام لەو کەسانەش نیم کە کاتێکی دیاریکراوی تایبەت هەبێت، یان بەشی زۆری کاتی خۆم بە سۆشیال میدیاوە بەسەر بەرم، یان هەر رووداوێك هەبوو باسی بکەم و شرۆڤەی بۆ بکەم، بەڵکو بەگوێرەی رووداواکان و لە کاتی گونجاودا.

*** لە وڵاتانی عەرەبیدا زۆر شێوەزار هەیە، کامیان لە تۆ نزیکترن و تێیدا سەرکەوتوویت؟**

- شێوەزاری تونسی لە هەموویان نزیکترە لە دڵی من، هەر شێوەزارێك، یان بەرهەمێکی جوان هەبێت من حەزم لێی هەیە، بەڵام تا ئێستا زیاتر بە تونسی کارەکانم پێشکەش کردووە.

*** رۆڵی راگەیاندن چۆن دەبینی لە سەرکەوتنی هونەرمەندان لە وڵاتی تونس؟**

- بێگومان رۆڵی راگەیاندن نکۆڵیی لێ ناکرێت لە سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی هونەرمەند لە هەر شوێنێك بێت، بۆیە کاریگەریی ئەرێنیی دەبێت لە سەرخستنی هونەرمەند، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبینین بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵی پێچەوانەیان هەیە، بەتایبەتی کاتێك گرنگی بە کەسانێك دەدەن کە هیچ فریان بەسەر هونەرەوە نییە، کەچی وەك هونەرمەند پێناسەیان دەکەن.

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندان و جەماوەری کورد چۆنە؟**

- پێشتر دەربارەی میللەتی کورد زانیاریم هەبوو، بەڵام دوای ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێك لە ئەوروپا، زۆر خەڵکی کوردم ناسی، لەوێوە بۆم دەرکەوت کە میللەتێکی ئاشتیخوازن، لەرووی هونەریشەوە زۆر حەز بە هونەری رەسەن دەکەن، هیوادارم بتوانم فێرە زمانی کوردی ببم، بۆ ئەوەی لە جەماوەری کوردەوە نزیکتر ببمەوە.

**بەشێك لە دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵی پێچەوانەیان هەیە، بەتایبەتی کاتێك گرنگی بە کەسانێك دەدەن کە هیچ فریان بەسەر هونەرەوە نییە، کەچی وەك هونەرمەند پێناسەیان دەکەن**

